

ئەم فۆتۆیەم لە یەكێك لە خیابانەكانی تاراندا سەعات 11ی شەو نیگاكرد، ئەم خێزانە عەجەمە مافی ژیانیان هەیە وەلێ لەسەر شەقامی ساردو لەبەردەم دوكانە راقیەكاندا ئەخەون، چ خەونێك؟ بینیم ئەم دەست و پەنجە نەرم و ریش سپییە كە بە كەمانچەكەی میلۆدی ژیان ئەچڕێ، پڕە لە یادەوەری و ئازارو دەردیسەری، ئەم كارەی تەنها بۆ ئەوەیە نەمرێت و ژیانی كیژو مناڵە جوان وخێزانەكەی بكڕێتەوە، ئەم پیرە موزیكژەنە نایەوێ دەرۆزە بكات و بێ هۆ خێزانەكەی دەست پان بكەنەوە لە خەڵك، دێت موزیكمان ئەداتێ و تۆی رێبواریش كەیفی خۆتە چی پێئەبەخشیت، ئەمە شارستانیەتە لای من و جۆرێكە لە عیشق و داهێنانی شەقام، بریا ئێمەش وەك كورد شتێكمان دەبەخشی و دائەهێنا وەك ئەم خێزان و پیرە موزیكسەنە، ئینجا دەستمان بۆ پارەی خەڵك درێژو پان ئەكردەوە، چونكە ژیان بەبێ بەخشش و داهێنان مانایەكی نییە.

<u>فۆتۆ جۆرنالیست / ئاسۆعەبدوللەتیف</u>

